ماستەرنامەکەی شیلان بە پلەی نایاب دەرچوو

شیلان حسێنی خوێندکار لە خوێندنەوەی ماستەنامەکەی لە هۆڵی ڕوناکی زانکۆی سلێمانی، پلەی نایاب بەدەست دەهێنێت.

بە ئامادەبوونی ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی وەرزشی، ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٢ شیلان حسێن ماستەرنامەکەی تایبەت بە (چۆنێتی فێرکردن بۆ یاری تێنسی سەر زەوری بەچەند ڕێگەو شێوازێکی نوێو ناوازە)پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ کردو لە ماوەی ٤ کاتژمێرداو بە سەرپەرشتی چەند پسپۆڕو دکتۆرێکی زانکۆکانی سلێمانی، بەغدا ماستەرنامەکەیان بە پلەی نایاب پەسەند کرد.

لەمبارەیەوە شیلان بە ڕێوانی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوەکەی چەند شێوازێکی نوێو بەکارنەهاتووی لەخۆگرتووە، نەك تەنها بۆ یاری تێنسی سەر زەوی، بەڵکو بۆ هەموو یاریەكو هەموو ئەو یاریانەشی کە بە گروپ کاری تێدا دەکرێتو سوودبەخشە".

نیاز عومەر

نەبوونی کارەبا گەشتی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی ڕاگرت

بەهۆی دواکەوتنی لە چاپدانی بڕیارێکی تایبەت بە گەشتی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەدەی وەرزشی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی فەجر بۆ تۆپی ڕیشە لە ئێران، یاریزانەکان بە گەشتەکەیان ڕانەگەیشتن.

پاڵەوانێتیەکە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢ لە شاری ئەسفەهان بەڕێوەچوو. بڕیاربوو ٣ کچو ٧ کوڕ لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی بەشداری تێدابکەن. سەرچاوەیەك لە کۆلێژی ناوبراو ڕایگەیاند کە یاریزانەکان لە حسابی گیرفانی خۆیان تا سنوری ئێران بەڕێدەکەوتن لەبەر ئەوەی هیچ دەزگایەکی پەیوەندیدار، تێچوونی گەشتەکەی نەخستە ئەستۆی خۆی. لەمبارەوە میدیا عەبدولخالقی هەڵبژاردەی عێراق بۆ ڕیشە ڕوونیکردەوە "سەرباری ئامادەییو ماندوبوونمان لە پێناو بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتیە، بەڵام ئەنجومەنی ئۆلۆمپی هیچ بوودجەیەکی لەبەردەستدا نەبوو بۆمانی خەرج بکات".

د. ئیمان نەجمەدینی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی ڕیشە لە کوردستان سەبارەت بەم کێشەیە وتی "بەهۆی نەبوونی کارەبا لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی ٤ ڕۆژ نوسراوی بڕیاری گەشتەکە دواکەوت کە بووە هۆی دواکەوتنی هەموو کارەکانی دیو پێرانەگەشتنمان بە پاڵەوانێتیەکە".

بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشو دیدەوانی ڕێز لە سەرپەرشتیاران دەنێت

لەڕێورەسمی یاریەکانی کۆتایی تیپی ئامادەییو ناوەندیەکانی کچان بۆ یاری تۆپی باسکە، ڕێز لە چەند سەرپەرشتیارو مامۆستایەکی وەرزشی دێرین دەنرێت.

بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشو دیدەوانی، لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا ڕێز لە ٧ سەرپەرشتیارو مامۆستای وەرزشی دێرینی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دەنێت.

ئاڤان عیزەتی سەرپەرشتیاری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشو دیدەوانی وتی "بەم هەنگاوە ویستومان کەم تازۆر ڕێز لەو مامۆستا بەڕێزانە بنێین کە ساڵانێکی زۆرە خزمەت بە وەرزش دەکەنو بە بەردی بناغەی بەڕێوەبەرایەتیەکە دادەنرێن".

لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، یاریەکانی کۆتایی بۆ تیپەکانی ئامادەییو ناوەندیەکانی کچانی بۆ تۆپی باسکە ئەنجام دا، کە ئەم یاریانەی کۆتای، بەهۆی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ دواخرانو لە ئەنجامدا ئامادەیی ڕزگاری کچان بە ٢١ خاڵ بەرامبەر بە ١٨ خاڵ لە تیپی ئامادەیی خانزادی کچانی بردەوەو ناوەندیەکانیش بە بەدەستهێنانی ١٤ خاڵ، لەلایەن ناوەندی ڕەوشەن بەدرخان بەرامبەر بە ١٢ خاڵ لە تیپی ناوەندی شێنێی بردەوە.

تیپی کچانی ناوەندی ڕەوشەن بەدرخان خەڵاتی یەکەم بەدەست دێنن

ئەم ڕێورەسمە لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٠ و لە هۆڵی پێشمەرگە بەڕێوەچوو.

سەرچاوەیەك لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی بە ڕۆژنامەی ڕێوانی ڕاگەیاند، بڕیارە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١٢ پاڵەوانێتی تۆپی دەستو تۆپی سەرمێزی کچانو کوڕانی تیپە پەروەردەییەکان، بۆ هەموو شارەکانی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەرکوك) لە شاری سلێمانیو لە هۆڵی یانەی وەرزشی پێشمەرگە بەڕێوەبچێت، لە هەمان کاتیشدا ڕۆژی ٣/١٦ کە یادی هەڵەبجەی شەهیدە، بۆ بەرزنرخاندنی ئەو ڕۆژە، هەموو تیپە وەرزشیەکان بە ڕێورەسمێك بەرەو شاری هەڵەبجە بەڕێدەکەون.

نیاز

هەڵبژاردەی بالەی کچانی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە زانکۆی کۆیە

بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی زانکۆکانی عێراقو کوردستان، یاریەکی دۆستانە لە نێوان هەردوو زانکۆی سلێمانیو کۆیە ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا تیپی کوڕانی زانکۆی سلێمانی بە ٣ خاڵ لە تیپی کوڕانی زانکۆی کۆیەی بردەوە، تیپی کچانی زانکۆی سلێمانیش بە تیپی زانکۆی کۆیەیان دۆراندا بە هیچ بەرامبەربە ٣ خاڵ.

کەژاڵ کاکە حەمەی ڕاهێنەری تۆپی بالە هۆکاری ئەم شکستەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەندامانی تیپی کوڕان سەر بەیانەکانیو بەردەوام لە مەشقو ڕاهێناندان، بەڵام تیپەکانی کچان بە دەگمەن سەر بە یانەکانیو پێشوەخت هیچ ڕاهێنانو ئامادەباشیەکیان وەرنەگرتووە. ناوبراو هۆکاری سستیو نەمانی تیپەکانی بالەی کچانشی گەڕاندەوە بۆ کەمتەرخەمی یەکێتی ناوەندی بالەو وتی " ئەم یەکێتیە هیچ پاڵەونێتیەکی بۆ کچان سازنەداوەو یاریەکانی کچانی فەرامۆش کردووە، گەر چالاکیش نەبوو گیانی کێبەکرێو خۆئامادەکردنیش نامێنێو یاریزان پێشناکەوێت".

شەمام سەمەد بەشداربوویەکی یاریەکە نیگەران بوو بە دۆڕاندنی تیپەکەیو ڕەخنەی لەهەڵبژاردنەکان گرتو وتی"هەڵبژاردەکان کەمتە ڕخەمنو هەست بە لێپرسراوی ناکەن لە ئامادەبوونیان بۆ ڕاهێنانەکان،جگە لەوەی هەندێکیان بۆ ڕەزامەندی مامۆستاکانیانو جەوگۆڕین بەشداری لە یاریەکاندا دەکەن". ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە گەورەترین هۆکار بۆ بردنەوەی تیپێك تەباییو هاوڕێیەتیو تەنسیقی نێوان ئەندامانی تیپەکەیە " زۆرجار ئەندامانی تیپەکەمان کە دەچنە یاریگاوە بۆ یەکەمجارە یەکتر ببینەو بەیەك ئاشنا بن".

یاریزانانی گۆڕەپانو مەیدان خۆئامادە دەکەن بۆ دوا یاریو پاڵاوتنەکان

بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتیەکانی سەر ئاستی عێراقو وڵاتانی دەرەوە یەکێتی ناوەندی گۆڕەپانو مەیدانی کوردستانو عێراق، کۆنگرەیەکی بەستو تێیدا بڕیار لە سەر ئەوە درا زۆربەی پاڵەوانێتیەکانی شارەکانی باکوری عێراق (سلێمانی ، هەولێر، موسڵ، کەرکوك، دهۆك، تکریتو بەغدا) لە شاری سلێمانی ئەنجام بدرێن.

بەهۆی توانای یاریزانانو چالاکی ئاستی یانەکانی (سلێمانیو سیروانیو نوێو پێشمەرگە لەیاری گۆڕەپانو مەیداندا) بوو، ئەگەرچی یاریگای تایبەت بەم یاریە لە سلێمانیدا نییە. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتی ناوبراو پاڵەوانێتیەك بۆ کوڕانو کچانی هەموو یانەو دامودەزگا وەرزشیەکانی وەك (یانەی سیروانی نوێ، سلێمانی، پێشمەرگە، سەرچنار، زانکۆی سلێمانی، پەیمانگای وەرزشی)، لە ڕۆژی ٢٠ /٢/٢٠٠٧ بە کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی لە ناوچەی کانی گۆمە لە شاری سلێمانی ئەنجام دا.

لە ئەنجامدا بە سەرکەوتنی یانەی وەرزشی سیروانی نوێ بۆ ڕاکردنی ماوەدرێژ، لە یاریەکانی کچانو قۆناغی پێشکەوتوانو لاوانی کوڕاندا پلە یەکی بەدەست هێنا، لە قۆناغی تازەپێگەیشتواندا یانەی وەرزشی سلێمانی پلە یەکی بەدەستهێناو یانەی وەرزشی سەرچناریش بۆ ئەم قۆناغە پلە دووی بەدەستهێنا.

ئەحمەد بەهادینی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپانو مەیدان، ئاماژەی بەوەدا کەیاریزانە کچەکان، لەسەر ئاستی پاڵەوانتیەکانی عێراقو کوردستان ئەنجامو ژمارەی باشیان تۆمار کردووە، هەروەها وتیشی "زیاتر یاریەکانی کچانمان خستۆتە پاڵاوتنەکانی دواترو یاریەکانی کۆتایی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/٩دا بەنیازن لە یاریگای سلێمانی ئەنجامی بدەن، کە دوا پاڵاوتنو یاری کۆتایی دەبێت بۆ چالاکیەکانی کوڕانو کچانو بە هەموو قۆناغەکانو لەنێوان هەمو یانەکانی شاری سلێمانیدا ئەنجام دەدرێت".

ناوبراو جەختی لەوەکردەوە لەگەڵ ئەو ئاستە بەرچاوەی یاری گۆڕەپانو مەیدان لە سلێمانی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام ئەم یاریەو زۆر لە یاریەکانی تر بوونەتە قوربانی یاری تۆپی پێو زیاتر کارگێڕی یانەکان بەشی شێر دەدەنە یاری توپی پێ، ئەو وتی "ڕاستە ناتوانرێ یاریە کۆکان یاخود گروپیەکان پشتگوێ بخری، بەڵام یاریە تاکەکانی وەك گۆڕەپانو مەیدان گەر گرنگی تەواوی پێبدرێت ئەوا تاکێك دەتوانێت مەدالیایەك بۆ وولاتەکەی بهێنێتو ئاڵای کوردستانی پێ بەرزبکاتەوە".

گیا دەرمانی

نیسک

ئا/ فەرزانە عەلی

ڤیتامینەکان: A, B,B1,B2 C,E

١-خواردنەوەی ئاوی نیسك بۆ چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی بۆری هەوابەرو سینگ سودبەخشەو ئەگەر دایکی سکپڕ بیخوات ماڵەی سەر پێستی چارەسەر دەکات.

٢- گەر کوڵاوەکەی لەگەڵ سرکە بخورێتەوە بۆ بەهێزکردنی گەدەو جەستە سودبەخشە.

٣-ئەگەر خوێنی سوڕی مانگانە زیاتر لەئاستی ئاسایی خۆی بێت، کەمێك نیسکی کوتراوی کوڵاو تێکەڵ بەهەندێك سرکە بکوڵێنرێتو بخورێتەوە، خوێنی سوڕی مانگانە دەوەستێنێت.

٤- ئەگەر بەئاردی سوتاوی نیسك ددانەکان بشۆرێت. ددان سپی دەکاتەوەو ژەنگی ددان لەناو دەبات.

٥- گەر بەئاوی نیسکی کوڵاو غەرغەرە بکرێت برینی نێودەم چارەسەردەکات.

٦- ئەگەر ئاوی کولاوی نیسك لەگەڵ گوڵاودا تێکەڵ بکرێتو بەسەر پێستی جەستەدا بماڵرێت، خوروی جەستە لەناو دەبات.

٧- گەر ئاردەکەی لەگەڵ سپینەی هێلکەدا تێکەڵ بکرێتو بکرێتە هەتوان، قڵیشەکانی پاژنەی پێ چارەسەردەکات، ئەو زیبکانەش لەناو دەبات کە خورویان هەیەو هەم دەسوتێنەوە.

ڕێوان

خاوەنی ئیمتیاز
روناک رەئوف

سەرنووسەر
روناک فەرەج

جێگری سەرنووسەر
هانا شوان

نەخشەساز
سەیران ئەمین ئەحمەد

ناونیشان:سلێمانی -کارێزە وشک بەرامبەر پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان
ژ.ت: ٣٢٩٠٠٧٠
www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com